# جنێو دریادەیەکی کۆمەڵایەتییە
# یان دەربڕینی هەڵچوونێکی سایکۆلۆژییە

**جنێودان وەکو دیاردەیەکی نەشیاو و نەشیاسیتە یاخود بڵێین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەناو هەموو کۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، ئەوەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، چونکە کۆمەڵگەی ئێمەش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە بوونی هەیە، ئەوەش زۆرجار وەکو ترساندن یاخود سوکایەتی پێکردن یان وەکو گاڵتە و گەپیش زۆر کەس بەکاری دەهێنن، ئەوەش رادەوەستێتە سەر ئاستی رۆشنبیری تاکەکان، بێگومان ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، لە راستیدا لەوانەیە ئەو کەسەی جنێو دەدات حاڵەتێکی دەروونی هەبێت و خۆی درك بەو راستیە نەکات، یاخود ئەو کەسە لەکاتی خۆیدا رەنگە باش پەروەردە نەکرابێ یان لە بارێکی ئاوادا ژیانی بردۆتە سەر پڕ لە مەینەتی بووە و تووشی سەدان کەسی خراپ هاتووە فێریان کردووە، یان هەر لە منداڵیەوە نێردراوەتە دەرەوە و لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکراوە کە لە دەرەوە چی دەکات و چی ناکات و فێری چی بووە، هەوڵ دەدەین لەم ریپۆرتاژەدا ئەم کولتوورە بخەینە بەرباس و چەند چین و توێژێکی جیا جیا بدوێنین:**

### جنێو گوزارشتێکی دەروونییە

**ئەحمەد سەعیدی شاگرد وتی:** لەلایەن ئێمەوە زۆر شت هەیە بە جنێودان چارەسەر دەکرێت، چونکە ئیشی ئێمە تورەبوونی تێدایە لە کاتی تورەبوونیش بێگومان چ بێتە سەر زمانمان دەیڵێین، لە هەمان کاتیشدا ئێمە تورە نابین بەو جنێوە گاڵتە ئامێزانە، چونکە هەموو رۆژێك بەیەکەوەین تا ئێوارە وەکو رێزگرتنێك هەتاوەکو ئێستا جنێوم بە وەستا نەداوە، چونکە کاتێك جنێویش دەدات لەبەر مەسڵەحەتی منە، بەلامەوە شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە خومان پێوە گرتووە.

**بەختیار حەمەدئەمین دوکاندار وتی** "بە رای من لەناو هەموو کۆمەڵگەیەك چ رۆژهەڵاتی چ رۆژئاوایی دیاردەی جنێو دان هەیە، کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی کە هەیە لەوە بەدەر نییە کە ئەو دیاردەی تێدا هەیە، جنێودانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، رۆشنبیری کەسەکەش لەو بارەیەوە دەوری خۆی هەیە، هۆکاری دەروونیش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان، بۆ نموونە کەسێك لە ماڵەوە تووشی تورە بوون دێت، یاخود هەر شتێکی بەسەر بێت، ئەوا رەنگە نەتوانێ لە ماڵەوە بە جنێودان ئەو تورەبوونەی خۆی دەربڕێت، ناچارە لە دەرەوە جنێو بدات، وتیشی "زۆر کەس هەن جنێودان وەکو ناولێنانێك بۆ یەکتر بەکاردێنن، هیچ بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو جنێوە خراپە". لە کۆتایی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەشدا "لە ناو دوکاندارەکان بەشێوەیەکی وا باو نییە کە شیاوی باسکردن بێت، هەندێکجاریش لە موشتەری تورەش دەبین، بەڵام ناگەینە ئەو حاڵەتەی کە جنێو بدەین، لەوانەیە لە ناو دڵی خۆمان جنێوێك دروست ببێت، بەڵام دەری نابڕین کە هەستی کەسی بەرامبەر بریندار بکەین".

**د.مسعود حوسێن لە کۆلێژی زانست لەم بارەیەوە وتی** "ئەو تاکەی کە جنێو دەدات ئاستی رۆشنبیری نزمی هەیە و چەند پاڵنەرێکی هەیە. لەوانەیە خۆی بەکەم بزانێ، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیەی خۆی جنێو بدات، جاری وا هەیە ئاستی دەروونی زۆر نزمە وەکو حاڵەتێکی کۆمیدی جنێو دەدات یا لەژێر پاڵە پەستۆیەکی بەهێز دایە و جنێو دەدات"، وتیشی "ئەگەر تەماشا بکەین جنێودان لە نێو هەندێ توێژی ناو کۆمەڵگە یاخود چینی هەرزەکاران زیاتر باوە، ئەم رەفتارە چارەسەری هەیە، ئەویش لە دایەنگەوە دەستپێدەکات، منداڵ فێر بکرێت جنێو نەدات دواتریش مامۆستایانی ئایینی دەبێت لە وتارەکانیان گرنگی بەو بابەتە بدەن و بۆ خەڵکی روون بکەنەوە کە ئەمە کارێکی خراپە و لە رووی ئایینیەوە رێگە پێنەدراوە". د.مسعود هێمای بۆ ئەوەش کرد لەم چەند ساڵەی دواییدا دیاردەیەکی زۆر ترسناك پەیدا بووە، ئەویش بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە سیدیە بازاڕیانەیە کە بە راستی قسەو حیوارەکانیان لەلایەن منداڵ و مێرد منداڵەکان دەوترێتەوە کە قسەکانیان هەمووی جنێوە، وتیشی "زۆر کاریگەرشی هەیە بەسەر خوڕەوشتیان، یانیش تێبینی دەکرێت لە کاتی دۆبلاژکردنی فیلم یان زنجیرە دراما بۆ کوردی جنێویان زۆر تێدەکرێت، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی بەسەر بینەر دەبێت، چونکە هۆکارەکانی راگەیاندن بە تایبەتی بیستراو بینراو دەگەنە گوێ و چاوی هەموو کەسێك، بۆیە داواکارم لە وەزارەتی رۆشنبری سانسۆرێك دابنێت لەسەر ئەو دەزگا راگەیاندنانە نەهێڵێت ئەو بەرهەمانە پەخش بکرێن کە بەگشتی زیانی بۆ کۆمەڵگە هەیە"، لە کۆتایی قسەکانیدا وتیشی "کاتێکی زۆر دەخایەنێت هەتاوەکو ئەو رەفتارە کەم ببێتەوە".



**ئەحمەد جەبار وەستای نەجار وتی** "جنێودان لەلایەن ئێمەوە تەنیا بۆ خۆشــیە، ئێمە لەکاتی جنێودان رەچــاوی ئەوە دەکەین هەموو جنێوێك شــیاوی وتن نییە، بــەڵام هەندێکجار گاڵتە دەکەین و هەندێ وشەو دەستەواژە بەکار دەهێنین دەمانەوێت خۆشەویستیمان بۆ ئەو کەسە دووپات بکەینەوە، بۆیە سووکە جنێوی گاڵتەئامێز بەکار دەهێنین، بەڵام هەندێکجاریش لە کەســێك تورە دەبــم رك و قینەی خۆم بە جنێو دەردەبڕم، ئەو کەسە بچووکدەکەمەوە وا دەکەم کەسایەتی لاواز بێت لەبەر چاوم".

**مامۆستا رابەرێکی پەروەردەییە دەتوانێ ببێتە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە**

**ئاڤان کەریم مامۆستای ناوەندی لەمبارەیەوە وتی** "توێژی مامۆستا یەکێکە لە توێژە هەرە گرنگەکانی ناو کۆمەڵگە، چونکە هەر مامۆستایە نەوەی نوێ پێدەگەیەنێ، ئەو نەوەیە پەروەردە دەکات و ئەو شتانەیان فێر دەکات تاوەکو لە ژیانی رۆژانەیاندا سوودی لێ وەرگرن، ئەگەر هاتوو مامۆستاش لە پێش چاوی قوتابییەکانی قسەیەکی وایکرد جوان نەبوو، یاخود قسەی ناخۆشی بە یەکێك لە قوتابییەکانی وت، ناکرێت بڵێین جنێودان، چونکە ئەمە لەگەڵ ناوی مامۆستا ناگونجێ جنێو بدات، ئەوا هەموو قوتابیەکانی پێیان شتێکی سەیرە و هەموو قسەکانی هەڵدەگرنەوە، وتەیەکی دەروونناسان هەیە دەڵێت (فێربوون لە بچووکیدا وەك ئەوە وایە نەخشێك لەسەر بەردێك بکێشی) واتە منداڵ ئەگەر لە بچووکیدا چۆن پەروەردە بکرێت هەر ئاوا دەبێت، تەنانەت ئەگەر گەورەش ببێت، ئەوا هیچ کەسێك ناتوانێت رەوشتی تێك بدات و فێری جنێو و قسەی خراپی بکات"، وتشی "ناتوانین بڵێین تەنیا مامۆستا دەتوانێت ئاگاداری قوتابییەکانی بێت کە قسەی ناشیرین نەکات، چونکە ئەو چەند کاتژمێرەی کەلە قوتابخانەیە لەوانەیە شێوازی قسەکردنیان بگۆڕن و مامۆستا هەر هەستی پێنەکات ئەو قوتابیە چۆنە لە دەرەوە و چی دەکات و چی ناکات"، لە درێژەی قسەکانیدا وتیشی "ئەوەی زیاتر ئەرکی لەسەرە، ماڵەوەیە ئەو زیانە لە ماڵەوەیە و لەوێ زیاتر تێکەڵی خەڵکی جۆراو جۆر دەبێت، باش و خراپ هەر ئەو جۆرە کەسانەن لەوانەیە لە ناویاندا جنێو بەیەکتر بدەن و ئەو کەسەش هەمان قسەی ئەوان هەڵدەگرێتەوە و جنێوەکە بە یەکێکی تر بدات، ئەمەش زۆربەی ئەو کەسانە دەگرێتەوە لەوانەیە زۆربەی کاتەکانیان لە دەرەوەی ماڵ بەسەر بەرن و لە ماڵەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت".

**د.چنــار ســەعد عەبدوڵــلا مامۆســتای کۆمەڵناسی ســەبارەت بە دیاردەی جنێو وتی**



"فێربــوون بە مانا گشــتیەکەی بەو پرۆســە بەردەوامــە دەوترێــت کە تیایــدا مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا فێری گشــت داب و نەریــت و رەفتار و رێســا کۆمەڵایەتییەکان دەکرێــت. بەو مانایەی کە پرۆســەی فێربوون مرۆڤ لــە بوونەوەرێکی بایۆلۆجی دەگۆڕێت بــۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. دیارە لەمیانی زۆربەی ئــەو رەفتار و نەریتانەی کە مرۆڤ لەژیانیــدا فێریدەبێت، جنێودانە. لەبەرئــەوەی زۆرجار جنێودان بە یەکێك لە ئامرازەکانی سزادان و کۆنترۆڵکردنــی رەفتــاری بەرانبــەر و کپکرنی هەڵچوونی کەســی جنێــودەر بەکاردێت". لە بارەی پاڵنەرەکانــی جنێودانیش وتی "هەوەکو پێشــتر ئاماژەم پێــدا جنێودان ئــەو ئامرازە یاخــود چەکەیە کە تاك لەکاتــی تورەبوون و هەڵچووندا بۆ تۆڵەســەندنەوەو سزدانی لایەنی بەرامبەر کە تــورەی کردووە، بەکاریدەهێنیت". ئاماژەی بەوەشدا کە جنێودان زیاتر لەناو چینی دواکەوتووی کــەم فەرهەنگدا باوە، ئەگەرچی نابێ ئەو راســتیەش فەرامۆش بکەین کە جۆر و رێــژەی جنێــودان لە چینێك بــۆ چینێکی تــر و لە کۆمەڵگەیەك بــۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە. بەو مانایەی ئەوەی لەناوەندێك بە جنێــو و تۆهینکردن دادەنرێت مەرج نییە لە ناوەندێکی تردا هەمان ماناو کاریگەری دروست بکات"، لە درێژەی قسەکانیدا وتیشی "مرۆڤ لەپێناو دامرکاندنــەوەی تورەیی و هەڵچوونی خۆی و بەمەبەستی سزادانی کەسی بەرامبەر جنێــو دەدات، هەروەهــا لە هەندێــك دۆخدا جنێــودان کاردانەوەی دۆخێکی پڕ لە تورەبوون و هەڵچوونــە، بــەڵام لە هەندێــك حاڵەتدا لە خۆشەویســتی و لەکاتــی گفتوگــۆی زۆر گەرموگوڕ و دۆستانە کەسەکان هەندێ وشەی ناباو بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن کە رەنگە لە کەس و خەڵکیتر قبوڵی نەکەن. ئەمە دەوەستێتە ســەر جۆری پێوەندییــە کۆمەڵایەتییەکان و کولتــوور و دابونەریتی باو لەو کۆمەڵگەیەدا"، لە بارەی زاڵبوونیشــیەوە دەڵێــت "بە رێگەی ســنگ فرەوانــی و دانبەخۆداگرتــن دەبێ هەمیشــە ئەو راســتیەمان لە خەیاڵ بێت کە مرۆڤ بێبەری نییە لەگوناهــ، هەروەها ئەو وشە ناشرین و نارەوایانەی کە لەکۆمەڵگەیەك وەکو جنێو بەکاردەهێندرێــن جۆراوجۆرن، هەر یەکێکیشیان لە ئان وســاتی خۆیدا بەکاردێت. ئافرەتیش بەداخــەوە زۆرجار دەکرێتە ئامرازێك بۆ ئەو مەبەســتە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتــی و کۆمەڵی نەریتی دا کە ئافرەت زۆرجار بە شەرەف و کەرامەتی پیاو دەژمێردرێت. لە دۆخی تورەیی و هەڵچووندا بۆ شــکاندن و کەمکردنی شەرەف و کەرامەتی یەکتر ئافرەت دەبێتە کەرستە. بێگومان کاریگەرییەکی دەروونی ناخۆش بۆســەر کەســی جنێوپێدراو دروســت دەکات و ئــازاری دەدات، بەجۆرێــك دەتوانین بڵێین جنێودان بەشــێوەیەك لەشێوەکان بریتییە لە ســزادانی دەروونی تاك".





# بـــۆچی (ســـ

لەنێو فایلەکانی دادگاوە

### ئەنجامدانی تاوانێکی کوشتن

(سدیق) لە بەیانییەکەوە سەر گەرمی دابەشکردنی نەوتی پسوولەی خۆراك بوو، هیلاك و شەکەت ببوو، خەڵکەکە زۆر بوون هەر تەواو نەدەبوون، کەسیش سەبری نەبوو، هەر کەسەو و خوا خوای بوو نۆرە بڕی بـــکات و زوو نەوتەکە وەربگـــرێ و بڕوات، کـــەس یارمەتی ئەویتری نەدەدا، لەولاشـــەوە (سدیق) خوا خوای بوو دابەشکردنەکە زوو تەواو ببێ و لە دەســـت ئەو غەڵبە غەڵب و بۆڵە بۆڵە رزگاری ببێ کە ئەو خەڵکە دروستیان کردبوو، سێ بەشی خەڵکەکە جـــارێ نۆرەیان نەهاتبـــوو، رێگەیان نەدەدا کەس نۆرەبڕی بکات، پیرەژنێك چەند کەســـێکی لە پێش بـــوو، ئەو ناوەی وەڕس کردبوو، پیرەژن نەیدەزانی هێمنی و بێدەنگی چییە، هەمیشە پرتە پرتی بوو، یەکێك نەوتی وەربگرتایە و بەرمیلەکەی پڕ بووایە ئیتر خوا هاوارە، تیـــر و توانـــج و نارەزاییەکەی تەواو نەدەبوو، هەمیشە دەیوت: بزانە (بزانە چ زوو نەوتەکەیـــان دایێ، خۆ زاری نەکردەوە بڵێ با نۆرەی خۆم بدەمە ئەو پیرەژنە و ئاخر بەو ســـەرمایە گوناهە رایبگریـــن، چ دەبوو، خـــۆ دنیا کاول نەدەبوو ئەگەر زووتریان بەرێکردبام. ئیتر بەردەوام دەبوو لەو قسانە...) (سدیق) و خەڵکەکەش نەیدەزانی چ بکەن. ئەوانە لەو بارودۆخەدا بوون (عەبدوڵلا) ناوێك بەرمیلی خـــۆی هێناو لە ریزی هەرە دواوەی دانا و بەخۆشـــی هاتە پێشەوە و ســـەیری هەرایەکەی دەکرد، کابرایـــەك دوو ســـێ هەنگاو لـــە پێش پیرەژن بـــوو، لەگەڵ ئەوانەی پێشـــەوەی و ئەوانەی پشتەوە بە تەواوەتی لە پیرژەژن بێزار و وەڕس ببوون، دەیانویست بەهەر رێگەیەك بایە پیرێژنیان لە کۆڵ بایەوە..(عەبدوڵلا)ش کابرایەکـــی بـــێ ئۆقرە و بێ حەوســـەڵە بوو، تەماشـــای چۆنیەتـــی پڕکردنی بەرمیلە نەوتەکان و بەڕێکردنی نۆرەی دەکرد، چاوی دەگێڕا دەرفەتێك پەیدا ببێ ئەویش بیکاتە هەرا و بیقۆزێتەوە و نۆرەبڕییەکەی پێ بـــکات، پیرەژنیش لە بۆڵە بۆڵەکەی بـــەردەوام بوو، هەتا دوو ســـێ پیاو لەگەڵ (سدیق) رێککەوتن، بەڕێـــی بکەن و رزگاربن لە دەســـتی، ئینجا بانگی پیرێژنیان کـــرد و بەرمیلەکەیان هێنایە پێشـــەوە و پـــڕ نەوتیـــان کرد (عەبدڵلا) ئەوەی بەدەرفەت زانی و ئەویش چووە پێشەوە و لـــە دڵـــی خۆیدا بڕیاریـــدا ئەویش هەرایـــەك بخولقێنێ، جا یـــان دەبێ ئەویش نۆرەبڕی بکات و بەڕێی بکەن یـــان نابێ کەس نەوتـــی بەرکەوێت و بیدرێتێ، پیرێـــژن بەرمیلە نەوتی بۆ پڕ کـــرا و بەڕێیان کرد (عەبدڵلا) هاتە پێشەوە و رووی دەمی لە (سدیق) کرد و وتی: من لە بەیانییەوە لێرە راوەستاوم و چاوڕێم نەوتم بەرکەوێت و بڕۆمەوە،

**دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێ، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و لە لێکۆڵینەوەدا ددان بە تاوانەکەی دەنێ، ئەو پۆلیسەی کە بەرزەوتی کردبوو، شایەتی راستەقینەی رووداوەکە بوو**

کەچی تۆش نۆرەبڕی بۆ ئەو پیرێژنە دەکەی و بە پێشمانی دەخەیت..؟

(سدیق) و خەڵکەکەی ئەویش چەندی بۆیان روونکردەوە کەچی کابرا نەدەچووە گوێی، بڕیاری دابوو لە هیچ قسەیەك نەگات، کردیە هەڵلا و یەك ئەوسەری دیار نەبێت، ئیتر مشتومڕ و بینە و بەردە گەورەتربوو، لەگەڵ (سدیق) بووە دەستەوە یەخەیان، سۆندە نەوتی لە دەست(سدیق) وەرگرت و نەوتی بەو گۆڕە وەرکرد، ئەویش پەلاماری دا سۆندەکەی لێوەربگرێت، خەڵکەکە هەموو لایەنگری (سدیق) بوون، ئەوەش هێندەی دیکە شێتگیرتری کردبوو، ئیتر بووە شەڕە مستیان و کەوتنە گیانی یەکتر، (سدیق) سێ چوار مستی خێواندە قەبرەغەی (عەبدوڵڵا) و دوو سێ جارانی بە بەرمیلە نەوتەکانی دادا، کابرایەکی پۆلیسیش بەخۆو بە تفەنگەوە هاتبووە ناو شەڕەکە و دەیویست (عەبدوڵلا) بەر زەوت بکات کەچی بەرزەوت نەدەبوو، ئیتر(عەبدوڵڵا) دەرفەت وەردەگرێ و تفەنگەکە لە دەست پۆلیسەکە دەرفێنێ و سواری دەکات و لوولەی تفەنگ لە سینگی(سدیق) دەکات و دوو سێ گوللەی پێوە دەنێ و هەر لە جێیەوە تەپەی لێوە دێنێ و بەریدەداتەوە سەر زەوی، خەڵکەکەی ئەوێ کە چاویان بەو رووداوە دەکەوێ، لە ترسی گیانی خۆیان هەریەکەی بەلایەکدا هەڵدێ، بەڵام پۆلیسەکە دەزانێ چ تاوانێك بە تفەنگەکەی قەوماوە، خۆی دەهاوێتە سەر(عەبدوڵلا) و بەریدەداتەوە سەر زەوی و تفەنگەکەی لێوەردەگرێتەوە و بەرزەفتی دەکات هەتا پۆلیس دێن.

### دوای تاوانەکە

دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێ، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکرێ و لە لێکۆڵینەوەدا دان بە تاوانەکەی دەنێ، ئەو پۆلیسەی کە بەرزەوتی کردبوو، شایەتی راستەقینەی رووداوەکە بوو، لە دادگادا وتی: کابرایەکی تووش و بێ حەوسەڵە بوو، تووڕە و شێتانی بوو، لە هیچ و خۆڕایی ئەو کێشەیەی دروستکرد کە هیچ پێویست بەو کێشەیە نەبوو، لەسەر شتێکی پووچ تاوانێکی گەورەی ئەنجامدا و کابرایەکی بێ سووچ و گوناهی و کوشت، وەڵڵا حەقەمستی هەموو سزایەکە. ئەوجا پاش چەند مانگێك لە لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن، دادگا بڕیاریدا (١٠) ساڵی رەبەق زیندانی بکرێت، دەبی لە زینداندا بڕزێتەوە و ئەو عومرەی هەیەتی لە زینداندا بیباتە سەر.

بەمجۆرە سزای مستەحەقی خۆی وەرگرت و ئەویش لە خەفەتی ئەو کارە نا بەرپرسیارییە و ئەو تاوانە زەقەی کە کردبووی و ئەو حوکمە قورسە، لە زینداندا وەکو دێوانەی لێهات و مەگەر خودا بەخۆی بزانێ تا چەند لە زینداندا دەمێنێتەوە و بەرگە دەگرێ!

ئیتر(عەبدوڵلا) دەرفەت وەردەگرێ و تفەنگەکە لە دەست پۆلیسەکە دەرفێنێ و سواری دەکات و لوولەی تفەنگ لە سینگی(سدیق) دەکات و دوو سێ گوللەی پێوە دەنێ



دیق) کوژرا



# ئەو منداڵانەی لە سۆزی دایک و باوک بێبەشن

خێزان ئەو یەکە کۆمەڵایەتییە کە ژیانی هەموو ئەندامانی تێدا دەپارێزرێت، بەتایبەتی منداڵان پێویستیان بە خێزانێکی ئارام و تەندروست هەیە بۆ ئەوەی تێیدا گەشە بکەن و ژیانی تێدا بگوزەرێنن، لەداهاتوودا ببنە کەسێکی بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە و کۆمەڵێك خۆشبەختی و هیواو ئاواتی گەورە بۆ کۆمەڵگە بەرهەم بهێنن، بەڵام لە ئەنجامی گەورەبوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و جیابوونەوەی دایك و باوك لە ژیانی هاوسەریان، جا بەهۆی مردنەوە بێت یاخود بەهۆی تەڵاقەوە بێت، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك منداڵ دەبنە قوربانی ئەم دابڕانە کە دواتر کۆمەڵێك کێشەو گرفت لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ دروست دەبێت، لە ئەنجامدا ناتوانن ببنە کەسێکی بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچانی سلێمانیمان کردوو هەریەك لە مامۆستا ئەنوەر بەڕێوەبەری خانەی کوڕان و پەروین نامیق توێژەری خانەی کچانی سلێمانی تایبەت بۆ گوڵان دووان.


**پەروین نامیق توێژەری کۆمەڵایەتی لە خانەی نەوجەوانانی کچان** "ئەو منداڵانەی کە بۆیان هەیە بچنە ناو خانەوە بەپێی یاسای تایبەت بە خانە وەردەگیرێن، ئەم منداڵانە یان دایکیان نەماوە یان باوکیان یان هەردوو پێکەوە نەماون یاخود لەیەکتری جیابوونەتەوە. پاشماوەی ئەم رووداوو کێشە کۆمەڵایەتیانە ئەم منداڵانەی ناو خانەن کە لەهەموو سۆزێك بێبەشن، ئەم منداڵانە لە رووی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و کۆمەڵگە جیاوازییەکی بەرچاوو هەیە و لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە"، پەروین نامیق ئاماژەی بەوەدا کە ئەو جیاوازیە لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە کە منداڵی ناو خێزان بەقۆناغێکی پڕ لە میهروو خۆشەویستیدا تێدەپەڕێت، دواتر بەهۆی ئەو رووداوە ناجۆرەی کە بەسەریدا دێت، ئەو سۆز و خۆشەویستیە نامێنێت و بەرەو پەرتەوازە بوون دەچێت، جگە لەوەش زۆربەی ئەو منداڵانەی لەناو خانەدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەو منداڵانەن کە لەخێزانێکی نا سەقامگیر ژیانیان گوزەراندوە، لە کەسایەتی ئەم منداڵانەدا چەندین کێشە هەیە، وەك بێتاقەتی بەر دەوامایان و هەیانە کەئابەیان هەیە، بەڵام بۆ گەڕاندنەوەی ئەم منداڵانە بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتیان یەکێك لە رێگە گرنگەکانی ئەم دروستبوونەوەیان خوێندنی بەردەوامی منداڵەکانەو پەروین نامیق لەو بارەیەوە وتی "ئەو منداڵانە هەموویانمان لە بەر خوێندن داناوەتەوە و هەر خوێندکارێك بەپێی نزیك و دووری خوێندنگە ئاساییەکانی ناو شار. لەهەوڵی بەردەوامین بۆ گەڕانەوەی تەواوەتی ئەم منداڵانە بۆ ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە، کاریگەری دەروونی، ئەم منداڵانەی تەواو جیاکردۆتەوە لە هەندێك لەسیفاتی ئاسایی کۆمەڵایەتی، زۆربەیان تووڕەبوونێکی بەردەوام و زۆر توندیان هەیە، زۆربەیان لەکاتی گفتوگۆدا وەڵامی ئێمە دەدەنەوە کە ئەوان هیچ ئینتیمایەکیان بۆ ژیانی خۆیان نەماوە، بەڵام ئێمە وەك توێژەری دەروونی ئەم منداڵانە ئاگاداری تەواوی ئەوانەی دەکەین کە بەو شێوەیە تووشی ئەو جۆرە دڵ توندی و فشاری دەروونیە دەبنەوە.

**مامۆستا ئەنوەر** لە خانەی نەوجەوانانی کوڕان ئاماژەی بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی ئەو کوڕانەی ناو خانە دا، ئەو منداڵانەی لەناو خانەی نەوجەوانان ژیان بەسەردەبەن، ئەو منداڵانەن کە بەهۆی باری ناهەمواری ناو خێزان گەیشتونەتە ناو خانە، ئەم منداڵانە بە هۆی ئەوەی کە لەناو خێزانەکانیان کۆمەڵێك کێشە هەبووە وەك دابڕانی دایك و باوك یاخود لەدەستدانی دایك یاخود باوك کۆمەڵێك کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەسەر هەڵسوکەوتیان و دەروونیان بەجێ دەمێنێ، لەوانە نەمانی هەست و خۆشەویستی لای ئەم منداڵانە بووەتە هۆی نەبوونی ئارامی لای، بەهۆی ئەوەی کە ناتوانن پێوەندیەکانیان توندوتۆڵ راگرن، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێك گرفتی دەروونی لەوانە ئەم منداڵانە بەهۆی ئەوەی کە زۆربەیان لەناو ئەو خێزانانەدا بوون کە کۆمەڵێك کێشەو گرفتیان هەبووە بەهۆی ئەو کێشەو گرفتانە رووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، ئەم رووبەڕووبوونەوەیە وای لەم منداڵانە کردووە کە تووشی کۆمەڵێك گرفتی دەروونی ببنەوە، ئەم منداڵانە هەندێك جار هەست بەگوناە دەکەن لەوەی کە بۆچی ئەمان خێزانیان نییە واهەست دەکەن کە خەتای ئەمان بووە.

سەبارەت بەوەڵامی پرسیاری ئێمە لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونی منداڵانی ناو خانە مامۆستا یوسف عومەر وتی "منداڵانی ناو خانە دووجۆرن ئەوانەی کە دایك و باوکیان نەماون لەژیاندا ئەم منداڵانە هەست بەنەمانی جۆرێك لەهەست و سۆز دەکەن لە بەرانبەر باوکیاندا، باوك بۆ ئەوان ئەو وێنە جوانەیە کەبەردەوام خەونی پێوە دەبینن بەردەوام وێنەیەکی جوانی باوك و دایك لەزهنی ئەم منداڵانەیە واتە هەست بە ئەو کەمی دایك و باوکە ئەکەن کە بۆئەوان نەماوە، هیچ هیوایەکیان بەوە نەماوە کە رۆژێك لە رۆژان ئەو دایك و باوکە ببینەوە، جائەمە گرێیەکی دەروونی لای ئەم منداڵانە دروست دەکات کەباسی دایك و باوك بکرێت هەست بەو کەمیەی ئەوان دەکاتەوە وەك منداڵێکی ئاسایی نییە، بەڵام جۆری دووەم لە منداڵان ئەوانەن کە دایك و باوکیان لەیەك جیابووەتەوە، ئەمە جۆرێك لەدژایەتی لەناو ناخی ئەم منداڵانەدا دروست دەکات، ناتوانن ببنە مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی، لە هەموو دایك و باوکێك دەترسن، ناتوانن بەشێوەیەکی باش پێوەندیان لەگەڵ منداڵەکانی ناو قوتابخانە بەردەوام بێت، چونکە بەردەوام وێنەی ئەو دایك و باوکەیان لەبەرچاوە، بەردەوام کۆستی دابڕان لەگەڵ ئەم منداڵانە دەژی، بووەتە هۆی ئەوەی کە جۆریك لەتوندوتیژیان پێوە دیار بێت، چونکە کەسانێکن هەر لە بناغەوە لەناو کێشە بوونەو بیر لەوە دەکەنەوە ئەکرا ئەم دایك و باوکانە لەپێناو ئەماندا لەو دابڕانە خۆش بوونایە، هۆی ئەوەی دایك و باوکیان لە ژیاندا ماوەو ناتوانن بیبینن وێنەیەکی خراپی دایك و باوکیان دەکێشن، ئەگەر بێت و پێیان بووترێت وێنەی دایك و باوکتان بکێشن زۆر ناشرین وێنەیان دەکێشن بەڵام ئەوانەی کە دایك و باوکیان نەماوە وێنەی دایك و باوکیان زۆر جوان دەکێشن و پیرۆز پیشانی دەدەن، ئەم منداڵانە ئاسایی تەمەنی هەرزەکاری تێناپەڕێنن لە کاتی گۆڕانکاریەکانی هەرزەکاریاندا تووشی جۆرێك لە پەشۆکاوی دەبن، تەئسیر لە گەشەی هەرزەکاریان دەکات و تەئسیر لە گەشەی دەروونی زۆر جار تووشی جۆرێك لەلادانیان دەکات واتە هەست دەکەن لە مەترسیدا دەژین دواتر کە گەیشتنە تەمەنی هاوسەری رەنگە نەتوانن ئاسایی ژیان بگوزەرێنن، ناتوانن هیچ داهێنانێك بکەن بەهۆی ئەو ترسەی کە لەگەڵیاندایە، هەستێکی سەیریان تووش دەبێت کە واهەست دەکەن ئەمە کۆمەڵگە ئەم کێشەی بۆ دروست کردوون، بۆیە رقێکی کۆمەڵایەتیان لە کۆمەڵگە دەبێتەوە، ناتوانن ببنە تاکێکی ئاسایی ناو کۆمەڵگە.

**مامۆستا شەهلا مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەدین** "هەموو منداڵێك مافی خۆیەتی کە لەناو خێزانێکی ئارام و تەندروست ژیان بەسەر ببات، واتە منداڵ بە نەمانی دایکی یاخود باوکی تووشی گرفتی پەروەردەیی دەبێتەوە. ئەو منداڵانەی ناو داڵدەگاکان ئەمانە بەسروشتی خۆیان جۆرێك لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و دەروونیان بۆ دروست دەبێت بە هۆی ئەوەی کە تووشی گرفتی دابڕان بوون لە دایك یاخود باوك یاخود هەردووکیان بۆ نموونە ئەگەر بتەوێت ببیتە هاوڕێیان درەنگتر لە منداڵێکی ئاسایی تێکەڵت دەبن و درەنگتر متمانەت پێدەدەن، هەتا ئەگەر هەشیان بێت خۆی بێنێتە پێشەوە، ئەوا تەمسیل دەکەن و دەیانەوێ رۆڵ بگێڕن، هیچ کات ناتوانن بە رووە راستیەکەی مامەڵە لەگەڵ تۆدا بکەن، ئەم منداڵانە بەهۆی ئەوەی کە فەراغی خۆشەویستی و هەست و سۆزی هەیە لەنێوان خۆیان و باوکیان یاخود دایکیان، واتە لەکاتی دروستبوونی ئەم فەراغەدا مامەڵەیەکی ئیداری لەگەڵ دەکرێت، ئەوا دواتر لەناو کۆمەڵگە ناتوانێت تاکێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی لێدروست ببێت کە بەبێ زیان ژیان بگوزەرێنێت، بۆ نموونە کچێکی تەمەن ١٥ ساڵم دواند لەکاتی سەردانم بۆ ئەو خانانەیە و وتم ناوت چییە؟ پێی وتم ناوم نییە و ناشمەوێت ناوم هەبێت، هیچ ئیمانێکم بەو ژیانە نییە! ئەمە هۆکاری ئەو فەراغی هەست و سۆزو خۆشەویستیەیە، لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە لەوانەیە زۆربەیان کەسانێك دەرچن کە دوورە پەرێز بن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا و متمانەیان بە خۆیان و بە دەوروبەریان کەمە کەسانێك دەبن کە ناتوانن مەحبوب بن لەناو خەڵکیدا، هەر ئەو گرێ و گۆڵەی لەناو مێشکیاندا چەسپاوە لە ژیانی کۆمەڵایەتیاندا رەنگ دەداتەوە .

# بۆچی ئافرەت کە دەکەوێتە ژێر گوشارێکی دەروونییەوە پەنا بۆ گریان دەبات



**بەڵگە نەویستە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. واتە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك رەهەندی دەروونی و مەعنەوی. یەکێ لەو رەهەندە دەروونییانەش، حاڵەتی سۆزناکی و هەستیاری رەگەزی ئافرەتە. زۆر کەس پێیوایە ئافرەت بە سروشتی خۆی حەزی لە گریانە، یا وردتر بڵێین، خۆی هەستی ناسکە، کاتێکیش کە دەکەوێتە ژێر گوشارێکی دەروونی یا سۆزدارییەوە، زیاتر پەنا بۆ گریان دەبات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئافرەت وا هەست ناسکە و لە کاتی تەنگانە و گوشاردا هەوڵدەدات بگری٠٠؟ لەم ریپۆرتاژەدا لایەنێکی ئەم حاڵەتە لەمیانی وەرگرتنی بیروڕای هەندێ ئافرەت و پیاوەوە بەسەردەکەینەوە.**

## دەروونناسێک: گریان هاوسەنگی دەروونیمان دەپارێزێ

**سەرەتا مامۆستا (تریفە عوسمان) مامۆستای پەیمانگا و پسپۆری بواری دەروونناسی لەمەڕ نهێنی گریانی ئافرەتەوە دەڵێ:** نەك هەر ئافرەت، بەڵکو پیاویش لەکاتی تایبەتدا دەگری. گریان هۆکار و پاڵنەری سایکۆلۆجی زۆری هەیە. خۆی لەئەنجامی گوشارێکی دەروونی و (نێرڤسی — واتە دەمارییەوە) دروست دەبێت. ئەو کەسە کە ئەو گوشارە زۆری بۆ هێناوە و بەرگەی ئەو هێزە ناگرێت، لە رێگەیەك دەگەڕێ هێزی ئەو گوشارەی لەسەر خاڵی بکاتەوە یان بەلایەنی کەمەوە کەم بێتەوە. لێرەوە بەگریان ئەو هێزە لەسەرخۆی کەم دەکاتەوە، کە دەگری ناخی خۆی لەو شەحنەیە بەتاڵ دەکاتەوە. واتە گریان جۆرە ئامرازێکی سایکۆلۆجییە مرۆڤ بەهۆیەوە هاوسەنگی دەروونی بۆ خۆی دەگێڕێتەوە. سەبارەت بەوەش بۆچی ئافرەت زیاتر لەپیاو دەگری؟ مامۆستا

(تریفه) وتی: باری سایکۆلۆجی و فسیۆلۆجی ئافرەت وا خوڵقاوە کە هەست ناسك و نەرم و نیانتر بێت. بەڵام مەرج نییە تەنیا لەحاڵەتی گوشاردا بگری، بەڵکو جاری وا هەیە گریان هۆکاری تریشی هەیە.
بۆ نموونە لە کاتی هەست کردن بە ئێش و ژاندا، وەك ئەوەی کە کەسێك شوێنێکی بریندار بێ یا بشکێ یا نەشتەرگەری بۆ بکرێت یا لێیبدرێت، جاری واش هەیە، گریان تەنیا ئامرازێکە ئافرەت بۆ بەدەستهێنانی مەبەستێك بەکاری دێنێ.

## کەی دەگرین؟

دیارە گریانیش کات و ساتی هەیە و مرۆڤ هەموو کاتێ ناگری، هەن لە شەوان زیاتر دەگرین، کەسی واش هەیە تەنیا لە کاتی ناخۆشییەکی گەورەدا، وەك مردنی کەسێکی ئازیزی گریانی بۆ دێت، **هەر وەك خانوو(شلێر خەلیل) دەڵێ:** من بەشەو زیاتر دەگریم، نازانم بۆ، بەڵام درەنگە شەو کە کێشەیەکم هەبێ، ئەوسا بە کوڵ، بەڵام بەبێ دەنگی دەگریم، دوای گریانەکە زۆر ئاسوودە و ئارام دەبمەوە.
**بەناز تاڵب قوتابییەکی پەیمانگای تەکنیکییە و تەمەن ٢٠ ساڵ دەڵێ:** کە شەو بە تەلەفۆن لەگەڵ دەزگیرانەکەم کە لە دەرەوەی وڵاتە قسە دەکەم، زۆرجار بە وشەیەك کوڵێك دەگریم، فرمێسك هۆن هۆن بەچاومدا دێتە خوارەوە، بەتایبەتی کە بیر لە دووری ماوەی نێوان خۆم و ئەو دەکەمەوە، حاڵەتێکی کوشندەی رەشبینی بەرچاوم دەگرێ، ئەگەر لەو دۆخە دەروونییەدا نەگریم، رەنگە لە خەفەتان خۆم بکوژم، دایکم هەموو هیوایەکی ئەوەبوو بمبینێ، کە جلی بووکێنیم پۆشیووە، کە مارە کرام، دەزگیرانەکەم گەڕایەوە دەرەوەی وڵات بەو هیوایەی لەوێ مەسەلەی وەرگرتنی پاسەپۆرت و نیشتەجێبوونەکەم تەواو بکات ئینجا بگەڕێتەوە، لێرە ئاهەنگی زەماوەند ساز بکەین ئەوجا بڕۆین، بەڵام دوای ئەوەی مارەکرام بە دوو مانگ دایکم بە نۆرە



دڵێ ئەمری خوای کرد، هەر کاتێك، بەتایبەتی شەوان کە قسە لەگەڵ دەزگیرانەکەم دەکەم و بەشتێك دایکم بەبیر دێتەوە، پڕ بە دڵ دەگریم، بەڵام ئەو گریانە ناخم ئەوەندە دەوروژێنێ، وەسف ناکرێت.
**خاتوو(سارە نازم) فەرمانبەری تەندروستی دەڵێ:** ئەگەر کەسێك زۆرم بۆ بێنێ و غەدرم لێبکات یا مافم بخوات لەسەر هەقی خۆم سوورتر دەبم، ئینجا هەندێك دەگریم و ئیتر چیتر گریانم نایەت، بەڕای من هەندێ حاڵەت هەیە گریان وەکو دەرمان وایە بۆ مرۆڤ.
**پارێزەر(نێرگز عەبدوڵلا) پێیوایە** مرۆڤ هەموو کاتێ گریانی نایە، بەڵام دۆخێکی سایکۆلۆژی دەبێتە پاڵنەری ئەوەی مرۆڤ بگرێت، ئەو پێیوایە ئافرەت، چونکە هەست ناسك و عاتیفییە، زیاتر لە پیاو دەگری، ئینجا دەڵێ: گریان هیچ عەیب نییە، هەڵچوونێکی دەروونییە و میکانیزمێکی بەرگرییە، ئافرەت بەهۆیەوە هەم بەرگری پێ لەخۆی دەکات، هەمیش خۆی لە ژێر قورسایی ئەو پاڵە پەستۆیەی کە لە ژێرییەتی دەرباز دەکات، مامۆستا(کەریم خالید)ی کۆمەڵناس لەو بڕوایەدایە پیاویش لە هەندێ حاڵەتدا بەرگەی گوشاری زۆر و بەهێز ناگرێت و پەنا بۆ گریان دەبات بۆ خۆ خاڵی کردنەوە، بەڵام سروشتی پیاو لە ئافرەت توونددترە و زیاتر بەرگەی ناخۆشیی دەگرێت، بەڵام زۆرجاریش لەبەر شەرمی کۆمەڵایەتی و ئەو شتانە، رەنگە پێی شەرم بێ ناخی خۆی بەگریان دەربڕێ، **مامۆستا(کەریم) زیاتر لەسەری دەدوێ و دەڵێ:** بەخۆی لە هەندێ حاڵەتدا مرۆڤی گەورەش پەنا بۆ گریان دەبات و بێگومان ئەمە شتێکی سروشتیشە، بەڵام بە گشتی ئافرەت زیاتر دەگری، جا گریانی ئافرەت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە حاڵەتێکیەوە بۆ حاڵەتێکی تر دەگۆڕێ، بۆ نموونە گریانی کچێك کە لە خۆشەویستەکەی بتۆرێ، جیایە لە گریانی کچێك کە کەسێك ستەمی لێکردبێت یا ئیهانەی کردبێت، یان گریانی ئافرەتێك کە لە پیاوەکەی تۆرابێ، جیایە لە گریانی ژنێك کە مێردەکەی مردبێت، ئەو ژنە بێگومان کە کۆستی کەوتووە، بە کوڵ و بە ئەسەرەوە دەگری، بە کورتییەکەی دەتوانین لە حاڵەتی پێویست بگرین و عەیبیش نییە،چونکە مرۆڤ بریتییە لە هەست و سۆز و حاڵەتی دەروونی، گریانیش ئاوێنەی راستەقینەی ناخمان و دەربڕی ئەو هەست و سۆزەیە.

# تـــاوانبـــاری تـــرســـناک شـــــ

### ناڕازیبوون لەسەر بڕیاری دادگا

بەهۆی تەقەلێکردنــی لەلایەن (حەتەم)ی تۆمەتبــار، چاوێکی لە دەســت دابوو، کە گوێی لە بڕیاری دادگا بوو، (حەتەم)ی بە زیندانی (١٠) ســاڵ حوکم دا، سەر و دڵی تێکچوو، تووڕە و ناڕازی، پاش خوێندنەوەی بڕیارەکە، هاتە دەرەوە، پارێزەرەکەی (هەمزە) لێــی نزیکبــۆوە و پێی وت: بەڕاســتی حوکمەکــەی کەمبوو، زۆرم پێ ســەیرە، تاوانبارێکی وەها ترسناك، حوکمێکی وەها کەم و سووکی بۆ دەربچێت. ئەگەر تۆ رازی نیت لەسەر حوکمەکە، مافی ئەوەمان هەیە، لە دادگای باڵاتــر، داوای پێداچوونەوەی بۆ بکەین و داوای توندکردنی بکەین، پێش ئەوەی داواکاری پێشکەش دادگای باڵاتر بکەن، (هەمزە) کێشەکەی خۆی و(حەتەم) ی بــۆ بــاس کردیــن و وردەکارییەکانی بەمشــێوەیە بۆ گێڕاینەوە و وتی: (حەتەم) گەنجێکی بیست و پێنج ساڵەیە، لەوەتەی فامی کردووە خۆی ناســیووە، پێیەکی لە ناو بنکەی پۆلیس و دادگا بووە، پێیەیەکی لە ناو بەندیخانەدا بووە، هەر لە منداڵییەوە کەتنی جۆراوجۆری کــردووە، کە تەمەنی گەیشتۆتە شانزە ســاڵی دوو جاران لەسەر تاوانــی دزی حوکــم دراوە، جارێکیــان بە دوو ســاڵ و جارێکیشــیان بە ساڵێك و نیــو، کە ماوەی حوکمەکانی بەســەر برد، ئازاد دەکرێــت، ماوەیەکیش کە دێتە دەرەوە خەریکی کاری قاچــاخ دەبێت، بۆ نموونە ئۆتۆمبێلی بێ ژمــارە و دزیاری دەکڕی و دەفرۆشــت، لەســەر ئەمــکارەش چەند جارێك تووشی گێچەڵ و کێشە بوو، بەڵام نەگەیشــتە ئەوەی بگیرێت.. دواتر حەزی لە بێوەژنێك کرد، ژنەکە خاوەنی دوو منداڵ بوو، پیاوەکەی لــە رووداوێکدا کوژرا بوو، پێوەندی (حەتــەم) بەم ژنەوە بەشــێوەیەکی نهێنــی بوو، دیار بوو کەســوکاری ژنە بە مەسەلەکەیان زانی (حەتەم) داوای دەستی ژنەی کرد، بەڵام گوتیان(حەتەم) گەنجێکی هەرزە و ســەرەڕۆ و بە گێچەڵە، هی ئەوە نییە کچــی خۆمانی بدەینێ، ئەویش پاش دوو ســێ هەفتان ژنەکــە هەڵدەگرێت و منداڵەکانیشــی بە جێدەهێڵێ، کەسوکاری ژنەکە بە دوایدا دەگەڕێــن بیدۆزنەوە، بۆ ئەوەی بیکوژن.

بەڵام خزمانی هەر دوولا ناوبژیوانی دەکەن و بەر بە کێشەکە دەگیرێ و بە پارە مەسلەتی دەکەن، بەو مەرجەی دوای مەســڵەتییەکە ژنە تەڵاق بدات، ئەویش پاش چەند مانگێك لە ئەنجامدانی مەسلەتییەکە ژنەکە تەڵاق دەدات، خێزانی (حەتــەم) بەتایبەتی دایك و باوك و خوشــکەکەکانی گیریان بەدەست ئەو کوڕەیانەوە خواردبوو، باوکی کابرایەکی نەخۆش و پەککەوتە بوو، بڕە مووچەیەکی خانەنیشــینی هەبوو، دایکیشی هەفتەی چوار رۆژ لە یەك دوو ماڵ کاری دەکرد و بــەو حاڵەوە بەڕێوە دەچوون، لەگەڵ ئەوەش بەرامبەر بــەو کوڕەیان کە تاقانە بوو هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەدەکــرد، بەڵام کوڕە هــەر لە منداڵیەوە بەهۆی برادەری خراپەوە وەکو دەڵێن چاوی کرابۆوە و دنیای تاوانی تاقیکردبۆوە، ئەم دایك و باوکە، حەسرەتیان بــوو رۆژێك ئــەو کوڕەیان بێکێشــە بێت، پێش ئەو کێشــەیەی کە بۆ ئێمەی نایەوە، رۆژێك لەسەر پارە لەگەڵ کابرایەك دەبێتە کێشە و شــەڕیان و تفەنگی لێڕادەکێشێ و گوللەیەکی لە قاچــی دەدات و بریندارای دەکات، پــاش ئەوەی بــە ناچاری لەگەڵ خێزانی کابرا پێکدێن، ئینجا دادگا ســێ ساڵی بەندی دەکات.

### دواین تاوان


بەردەوام دەبێ لە قسە و دەڵێ: کە لە زیندان ئــازاد دەکرێت، خەڵکی گــەڕەك نیگەران بــوون لەوەی کە دووبارە ئەو کۆنە تاوانکارە ئــازاد کرایەوە، چونکە هەمــوو دڵنیابوون لەوەی کە ئەم کوڕە بەبێ کێشە هەڵناکات و ناژی، دوو کچم هەبوو کە یەکێکیان گەنج و ئەویتریشــیان لە قۆناغی سەرەتایی بوو، کچە گەورەکەم تەمەنی نۆزدە ســاڵان بوو، کە ئەو بۆ دواجار لە زیندان ئازاد کرا، دوو هەفتە بوو کە ئازاد کرابوو لە زیندان، هەستم کرد، رۆژ نییــە چەند جارێك هاتووچۆ بە بەردەم ماڵەکەماندا نەکات، هەر جارێکیش کە هاتووچۆی دەکرد سەرنجی هەر لەسەر ماڵی ئێمە بوو، کچەکەم ئاگاداری کردمەوە کەوا لەبەر(حەتەم) ناوێــرێ تەنانەت بێتە دەرەوە بۆ فڕێدانی زبڵیش...

وایلێهات چەند جارێك شــەڕی بە کچەکەم فرۆشت، تاوەکو رۆژێك لە رێگەی سەربانی دوو ماڵە هاوســێمانەوە خۆی گەیاندبووە، ســەربانی ماڵی ئێمە، ئەو کاتیش کچەکەم خەریکی هەڵخستنی جل بوو، ئیدی کە (حەتەم)ی بینیبوو، قسەی پێگوتبــوو، دواتــر ببوە



دەماقاڵیان(حەتــەم)ی دەرکردبوو، ئەویش ســوێندی خواردبوو کە بێت لەبەر دەرگای ماڵەکەمــان پــڕی پیا بــکات، ئێوارە کە هاتمــەوە و بە مەســەلەکەم زانی چوومە ماڵیان، بەڵام خۆی لە ماڵ نەبوو، لەگەڵ دایك و باوکی قســەم کردبوو بڕیارمدا بوو

# ...ـایەنی تووندترین سزایە!



سکاڵای لە دژی تۆمار بکەم، بەڵام باوکەکەی پاڕایەوە لەبەر خاتری ئەو وازم لێهێنا. دوو سێ ڕۆژی پێچوو، ڕۆژێك نیوەڕۆ بوو، لە دەرگا درا، من و براکەم وماڵەوەمان لە ماڵەوە بووین، بە کچەکەمم وت: بڕۆ بزانە ئەوە کێیە، ئەویش کە چوو، دەرگای کردەوە کەسی نەبینیبوو سەیرێکی ئەملاو و ئەولای کرد، لە پڕ (حەتەم) یەخەی دەگرێ و رایدەکێشێ، (حەتەم) دەمانچەیەکی پێدەبێ، دەمانچەکەی لێدەردێنێ و لەسەر سەری دایدەنێ و پێیدەڵێ بجوولێی یا دەنگ هەڵبڕی دەتکوژم، ئەویش لە ترسان قسە ناکا، ئینجا دەیباتە پەنایەك و یەخەی کراسەکەی دەدڕێنێ، لەو وەختە براکەم دەڵێ: ئەرێ (هەمزە) ئەوە کێ بوو لە دەرگەی دا، خۆ کچەکەت نەهاتەوە، با بچم بزانم کێ بوو، کە ڕۆیشت دوای کەمتر لە خولەکێك دەنگە دەنگ و هاتوو هاواری پیاوم بیست، بە راکردن چوومە دەرەوە، دەبینم براکەم و (حەتەم) دەستە و یەخەی یەکتر بوونە و زۆرانبازیانە، منیش چووم دەستم دایە دارێك و رامووەشاندە (حەتەم) بۆ ئەوەی بەریبدات، کەچی گوللەیەکی بۆ هاویشتم و لەلاچاوێکی دام، ئاگام لەخۆم نەما و کەوتمە سەر زەوی، ئیدی لەهۆش خۆم چووم، دیار بوو کە تەقەی لە من کردبوو، لە پاش من گوللەیەکی لەسەری براکەشم دا و ئەویش کەوتە سەر زەوی، ئینجا چوار گوللەی تری لە لەشی دا، دواتر لێیدا ڕۆیشت، کە بەهۆش خۆم هاتمەوە لە هۆڵی نەشتەرگەری هاتبوومە دەرەوە و هەشت کاتژمێر بوو کە ئاگام لەخۆم نەمابوو، پاشان پێیان وتم کە نەشتەرگەریم بۆ کراوە و چاوێکم لە دەست داوە، هەتا لە نەشتەرگەر یەکەم چاکبوومەوە، خەریك بوو خۆم بکوژم، زۆر بە زەحمەت لە کوێر بوونی چاوێکم راهاتم، جا کاتێکیش ئەو تاوانکارەیان حوکم دا، لەسەرێکەوە کەسێکی کوشتبوو، لە سەرێکی ترەوە منی بریندار کردبوو، ئەوجا پڕی دابووە ناموسیشم، ئینجا دادگا (١٠) ساڵ زیندانی بۆ بڕیەوە.

## پێداچوونەوە بە حوکمی دادگا

لەگەڵ پارێزەرەکەی ڕێکدەکەون کە تانە لە حوکمەکە بدەن، ئەوەبوو داواکاری تانە گرتن لە حوکمەکە پێشکەش دەکەن، دوای ئەوەی پەڕاوی کێشەکە لەلایەن دادگای پێداچوونەوە تەماشا دەکرێت، دادگا تێبینی دەکات کە (حەتەم) نە بە ڕێکەوت بۆتە تاوانبار، نە بە قەزا و قەدەریش، بەڵکو تاوانبارێکی ڕەسەن و راستەقینەیە، بۆیە حوکمەکەی دادگای هەڵوەشاندنەوە و داوای توندکردنی سزاکەی کردبوو، کاتێك ئەنجامی ئەو حوکمە دەگەڕێتەوە بۆ دادگای تایبەتمەند دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەکات.

## (حەتەم) ی تاوانکار لەسەنگی مەحەکدا

بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوە لە ڕووی دەروونییەوە هەڵسەنگێنین کێشەکەمان خستە بەردەم توێژەری دەروونی خاتوو (سەروین عەزیز) ئەویش بەمشێوەیە شیکردنەوەی سایکۆلۆژیانەی بۆ کەسایەتی (حەتەم) کرد و وتی: بە بڕوای من دیار نییە هۆکاری راستەقینەی بەتاوانباربوونی (حەتەم)یان راهاتنی لەسەر تاوان و دووبارە و چەند بارە کردنەوەی ئەوە بەلایەنی کەم لە ڕووی ژینگەی خێزانییەوە، بەڵام لە ڕووی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، لە ژینگەیەکی نا تەندروست و خراپ دابووە، بەتایبەتیش لەسەرێکەوە برادەر و هەڤاڵی خراپی هەبووە، لەسەرێکی تریشەوە چەند جارێك بەو تەمەنە بچووکەیەوە ئەزموونی لەگەڵ ژینگەی ناو بەندیخانەکان هەبووە، وەکو دیارە بەندیخانە شوێنی مرۆڤی خراپ و تاوانکارە، یان بەلایەنی کەمەوە ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی سەرپێچکار و لە یاسا لادەر و لە کۆمەڵ لادەری تێدایە، تێکەڵبوونی بەو جۆرە کەسانە، بێگومان زیاتر بە دنیای تاوانی ئاشناکردووە و زیاتر هاتۆتە ناو ئەو جیهانەوە، لە ڕووی دەروونیشەوە، وای بۆ دەچم، (حەتەم) کەسێکی سایکۆپاسی (نا کۆمەڵایەتی)بێت، کەسی نا کۆمەڵایەتی، کەسێکی نا بەرپرسیارە، شەرم و ترسی لە تاوان نییە، کەسێکی نا بەرپرسیارە، شەرم و ترسی لە تاوان نییە، سزادان چاك نابێ، خۆی ناگۆڕێ و تەمبێ نابێت، هەموو ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەش لای (حەتەم) دەبیندرێ، وەك زانیمان (حەتەم) زیاد لەجارێك تاوانی کردووە و زیاد لە جارێکیش دەرفەت و چانسی پێدراوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە باوەشی کۆمەڵ.

بەڵام سوودیشی نەبووە، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە پێویستە لە ناو دامەزراوەی سزایی بمێننەوە، بەمەرجێ لەگەڵ هێشتنەوەیان بخرێنە ناو عەشق و راهێنان و دووبارە ئامادەکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتیان، لە بیرمان نەچێ پەروەردەی خێزانی (حەتەم) یش، جۆری هەڵسوکەوت و پەروەردەی دایك و باوکیشی ڕۆڵیان هەبووە، لە دەرکەوتنی (حەتەم) بەو جۆرە کەسایەتییەوەی، بەڵام لەبەر ئەوەی زانیارییەکی وامان لەسەری دەستنەکەوتووە، بۆیە لەو بارەیەوە هیچ ناڵێین، راستیەکەی ئەگەر ئەو لایەنەشی شاراوە بێ بۆمان، بەڵام ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی ڕۆڵێکی گەورەی بینیووە، لە دەرکەوتنی (حەتەم) بەمشێوەیە، بە بڕوای من دادگای تایبەتمەندیش کە سەرەتا حوکمێکی (١٠) ساڵەی بۆ بڕیوەتەوە هەر مەبەستی ئەوە بوو چانسێکی بداتێ و ئومێدی بەوە هەبووە ئەگەر دوای مانەوەی چەند ساڵەی لە زیندان، ئومێدی ئەوە هەبێ خۆی چاك بکاتەوە، بەڵام دیارە دادگای باڵاتر بە جۆرێکی دیکە تەماشای کردووە کە ئەویش (مەترسییە تاوانییەکەیەتی) ئەمەش بۆچوونێکی دروست و تێگەیشتنێکی راستی کەسایەتی (حەتەم) و ترسناکی تاوانەکەیەتی، ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر تووندیش سزا بدرێن، هێشتا مەترسیان لەسەر کۆمەڵ هەر هەیە.



# ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی جنێودان لەلای منداڵ

**شێوازی پەروەردەکردن و هەوڵدان بۆ دانانی سیستمێکی پەروەردەیی دروست لەخێزاندا رۆڵ و ئەرکی دوو کاراکتەری سەرەکی خێزانن کە (دایك و باوك)ن، ئەگەر ئەم دوو تاکە توانیان لەخێزانەکانیاندا باشترین ئاکار و شیرینترین زمانی گفتوگۆ کردن بەکاربهێنن، گرەوی پەروەردەیەکی باشـیان بردۆتەوە، بەو مانایەی توانیویانە وا لەمنداڵەکانیان بکەن لە خاڵە پۆزەتیڤەکاندا لاسـاییان بکەنەوە بەتایبەت لەتەمەنە دیاریکراوەکاندا کە منداڵ هەڵگری زمان و رەفتاری دایك و باوك دەبن. یەکێك لەو ئاکارانـە بەکارهێنانی وشـەی دزێو و نابەجێیە واتە (جنێودان) وەك راهاتـن و خوگرتنێك بەکاری دەهێنن، بە تێپەڕبوونی کات لەلایان ئاسایی دەبێتەوە. بێگومان ئەم حاڵەتەش پێدەچێت چەند فاکتەرێکی هەبێت کە دەرخەری ئاستی تێگەیشتن و رۆشنبیری ئەو خێزانە دەردەخات، هەروەك لە رێپۆرتاژەکەماندا خاڵە لاوازەکانی بەدیار دەکەوێت.**



**هۆشمەند عوسمان فەرمانبەر لە وەزارەتی رۆشـنبیری دەڵێت:** تاك لەناو خێزاندا و دواتریش لەناو کۆمەڵگەدا چەندین ئاکار و رەفتـاری ناڕاسـتەوخۆ و کاریگەری لەسەر دروست دەکات، سروشتی مرۆڤ بەچەشنێکە لەگەڵ تێکەڵبوون و هۆگربوون بە کەسانی دەوروبەر تەواوی ئاکارەکانیان هەڵدەگرێـت. زمـان وەك فاکتەرێکی گفتوگۆکردن و لێکتێگەیشتن لە هەموو فاکتەرەکانـی دیکە زیاتـر کاریگەری دەبێت، بۆیە کاتێـك لەخێزانێکدا دایك و باوك یاخود ئەندامانی دیکە بە وشـەی ناشـیرین لەگەڵ یەکتر دەدوێن، بێئاگان لـەوەی چ کاریگەرییەکـی نێگەتیڤیان لەسـەر ئاسـتی بیرکردنـەوە و زمانی منداڵەکانیان بەجێهێشـتووە. دەکرێت ئەم خووە دزێوە لەناو ببرێت، هەرچەندە ئەمە کارێکی ئەسـتەمە بۆکەسـێك لەسەری راهاتبێت، بەڵام نابێت رێگەش بدەین ببێت بە کولتوورێك.

**خاتـوو پڕشـنگ حەمەئەمیـن چالاك**

**لەبواری پەروەردەی منداڵان (باخچەی ساوایان):** بۆچوونی وایە دایکان زۆرجار باس لەوە دەکەن فاکتەری فێربوونی جنێودان لە منداڵەکانیاندا بۆ باوك واتە رەگەزی نێر لەخێزاکانیاندا (باوك یان کورەکانی) دەگەڕێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان زۆرترین کات لەدەرەوەی ماڵن و بەپێی جۆری کارەکانیان تێکەڵ بەکەسانی دیکە دەبن، ئیتر لەهەر ئاست و چینێکی کۆمەڵگەدابن. بێگومان ئێمە دەبینین ئەو منداڵانەی لە باخچەی ساوایاندان زۆر وشە بەکاردەهێنن کە جێگەی سەرسوڕمانە، ئەو منداڵە چۆن فێری ئەو وشانە بووە؟ یاخود چۆن دەتوانێت لە رووی زمانەوانیەوە گۆی بکات و بۆی بووترێت، کاتێك بەدواداچوون دەکەین دەبینین لەخێزانەکەیەوە فێری بووە، یاخود لەئەنجامی تێکەڵبوونی لەگەڵ منداڵانی دیکە ئەو جنێو و وشانەی وەرگرتووە. دەبێت بە پلەی یەکەم دایك زۆر رێگر بێت لەم ئاکارە لەخێزاندا و تەنانەت کاریگەری لەسەر تەواوی ئەندامانی دیکەی خێزانەکەیەوە هەبێت بۆئەوەی منداڵەکانیان لەبەکارهێنانی وشەی ناشیرین و بەکارهێنانی جنێو بەدوور بگرێت.

**نەوزاد کەریم کە خاوەنی دوکانی جلوبەرگی پیاوانە سەبارەت بە جنێودان و فێربوونی منداڵ، دەڵێت:** فێربوونی جنێو و بەکارهێنانی لەناو خێزاندا خوویەکی نابەجێیە، بەڵام وەك خۆم زۆرجار هەوڵمداوە لێی دووربکەومەوە و دووبارەی نەکەمەوە، بەڵام نەمتوانیوە، چونکە هەر لەمنداڵیەوە فێر بوومە، لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە لەدەرەوەی خێزانیشدا زیاتر بەکاردەهێنرێت. لەگەڵ هاوڕێکانمدا و خاوەن دوکاندارەکانی دیکە وشەی ناشیرین و جنێو زۆر بەکاردەهێنین، ئەمەش نیشانەی نزمی ئاستی رۆشنبیری دەردەخات، وامان لێدەکات هیچ سنوور و شەرمێك لەنێوامانداندا نەمێنێت. هەر بەم زمانی گفتوگۆیەوە دەچینە ماڵەوە جارێکی تر لەوانەیە بەقورستریش لە چوارچێوەی خێزانەکانماندا بەکاری بهێنینەوە.

**سیروان عەلی نووسەر و رووناکبیر دەڵێت:** بۆچوونم وایە بەکارهێنانی جنێو لەناو خێزانی کوردا بۆتە کولتوورێك، دەبێت لەناو ببرێت، چونکە یەکێك لەبنەماکانی لادانی پەروەردەی منداڵ جنێودانە و دووبارەکردنەوەی چەمکە خراپەکانە، خێزانی کورد لە زۆر لایەنەوە گرفتی هەیە، دایك و باوك نزمی ئاستی رۆشنبیری وای لێکردوون بیر لەهیچ کارێکی دیکە نەکەنەوە، بۆ نموونە کڕینی ئەو فیلمە کارتۆنیانەی دۆبلاژ دەکرێن پڕاوپڕن لە وشەی نا تەندروست و ناپەسەند، هاوکات ئەم وشانە وەردەگرێت و لەگەڵ خێزانەکەیدا پێی دەدوێت، بەهەمان شێوە پڕە لە وشەی نەگونجاو. باوك زۆرجار لەگەڵ منداڵەکەیدا دەدوێت و دەیەوێت ئامۆژگاری بکات لەبەرامبەردا بەجنێودان فێری دەکات، لەدواییدا ئەگەر ئەو منداڵە لەبەرامبەریدا بەکاری هێنا لەوانەیە تووشی لێدان و سزادانی بکاتەوە، بەڵام ناخودئاگایە کە ناڕاستەوخۆ لەچرکەساتەکانی ئامۆژگاری وەك دیارییەك پێی بەخشیووە، پەروەردەکردنی منداڵ ئەرکێکی هەروا سانا نییە کە ئێمە لێی دەڕوانین، دەبێت هەمیشە دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیاندا زۆر هۆشیارانە مامەڵە بکەن تا لەئاکامدا ئاسودە بن لە شێوازی پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا.

جیاوازی توێژ و چینەکانی کۆمەڵگە پێدەچێت کاریگەری هەبێت لەسەر شێوازی پەروەردە و بەکارنەهێنانی جنێولە خێزاندا، **لەم لایەنەوە (شۆخان نوری)ی قوتابی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان دەڵێت:** دروستە، جیاوازی چینەکان فاکتەرێکە بۆ پەروەردە و شێوازی ژیانی خێزانەکان، بەڵام فاکتەرێکی رێژەییە، چونکە خێزان هەیە هیچ پلەیەکی خوێندەوارییان نییە و منداڵەکانیان لەسەر باشترین ئاست پەروەردە کردووە، هۆشیاری و ئاستی تێگەیشتن وادەکات تاچەند ئەو دایك و باوکە لەخەم پەروەردەکردنداندان، دەزانن منداڵ لەچ تەمەنێکدا هەڵگری ئاکارەکانە. بەجنێودان پەروەردەی ناکات و هەوڵنادات منداڵەکەی تێکەڵ بە منداڵێکی دیکە ببێت کە بزانێت ئاستی پەروەردەی خێزانەکەی چۆنە؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی ئاسایی ئەوانەی کاری جۆراوجۆری وەك: فیتەر- دروومان- شۆفێری .. دیکە دەکەن و زۆرتر تێکەڵ بەخەڵکی ئاسایی دەبن، پێدەچێت جنێودان کارێکی ئاسایی بێت و بەلایانەوە و هیچ زەحمەت نەبێت، تەنانەت وتنەوەی ئەو وشانە لەشوێنە گشتییەکان زۆرجار بەرگوێمان دەکەوێت، دەکرێت هەموو تاکێك راستە خاوەن هەر کارێکە، بەڵام کەسێتی خۆی بپارێزێت، زمانی گفتوگۆکردنی لەوپەڕی جوانیدا بەکاربهێنێت.

کاوە مستەفا وەك توێژەری کۆمەڵایەتی خوێندنەوەیەکی هەیە بۆ ئەم تەوەرە و دەڵێت: مرۆڤ لەژیانی ئاسایی خۆیدا هەوڵ ئەدات زۆر بە سادەیی بژێت و بە ویستی خۆی رێچکەیەك هەڵبژێرێت، بەڵام مەرج نییە ئەم خواستەی هەمیشە بەوشێوەیە بێت کە خۆی دەیەوێت، بۆیە ئەگەر ئەوە نەبوو، لانی کەم هەوڵێکی بۆ ئەدات، لەسادەترین مافی ژیانی خۆی دەگەڕێت. لەم کاتەنەدا لەوانەیە پێی خۆش بێت لەوپەڕی سادەیی دابێت و لە دەستنیشانکردنی هاوڕێکانیدا ئەو کەسانە بدۆزێتەوە لەگەڵیدا دەگونجێن، تەنانەت بۆ دروستکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری رەچاوی دەکات، کاتێکیش خێزانی پێکهێنا، بێگومان هەروا دەمێنێتەوە، ئەم کەسانەی بەو جۆرە بیردەکەنەوە تەنانەت لەزۆر شتی دیکەشدا هەر جیاواز دەبن. زمان وەك هۆکارێکی لێکتێگەیشتن لەوپەڕی سادەییدا بەرجەستەی دەکەن، گرنگی نادەن بەو فەزایەی تێدا دەژین یاخود بۆ ئەو کاریگەریە خراپانەی بەسەر پەروەردە و بیرکردنەوەی منداڵدا دروستی دەکەن، جۆرەها وشە بەکاردەهێنن ئەگەر لەوپەڕی بێماناییدابن، منداڵ زۆرجار لە ماناکانی تێناگات، بەڵام دەبینێت لەلایەن دایك و باوکیەوە بەکاردەهێنرێت، پێیوایە ئەمە وشەگەلێکی تەندروستن، هەر ئەمانە لەزهنی منداڵەکەدا وێنایەکی جیاواز لەخۆ دەگرن و جارێکی تر لە قاڵبێکی دیکە بەکاریان دەهێنێتەوە. هاوکات دەربڕینی ئەو وشانە چەندین کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیشی لێکەوتۆتەوە، تاکی کوردی لەزۆرکاتدا خۆڕاگر نییە، بۆ دەربڕینی حاڵەتی بێزاری جنێو دەدات.



# دراوسێتی و خۆهەڵقورتان
# کۆمەڵایەتی یەکتردا دی

**سروشت و پەروەردە مرۆڤی ناچار کردووە ملکەچی هەڵسوکەوت و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بێت، ئەگەرچی ئەو سروشتە زیاتر لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکاندا باوە و نەریت وەك پاڵنەرێکی سەرەکییە بۆ هەڵسوکەوتەکانی تاك. دیاردەی چاودێری کردنی دراوسێ بۆ دراوسێ و خۆهەڵقورتاندن لە ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی یەکتردا، دیاردەیەکی کۆنی کۆمەڵگەیە و**

تەلار کەمال، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە هۆکاری ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هەلومەرج و پاڵنەر کە پەیوەستن بەو کولتوورەی لەناو کۆمەڵگەکەدا ئامەدەیە و تاکەکانی لەسەر راهێنراون. بەهۆی ئەوەی ئێمە لە رووی کولتوورییەوە راهێنراوین، ژیانی خێزانیمان چڕ بێت و نەخشەی بونیادی خانووەکان و گەڕەکەکانمان و پێکهاتەی سەرجەم ئەو شوێنانەی کە تایبەتە بە نیشتەجێ بوون، هەر لەکۆنەوە بەشێوەیەکی تێکەڵ دروستکراوە، واتا نزیکبونەوەیەکی زۆر هەیە لە رووی نەخشەسازی بیناکانەوە، بەدەر لەو گۆڕانکارییە نوێیانەی ئێستا لە رووی بیناسازییەوە کراون. ئەم نزیکبوونەی خانووانە وایکردوە تاك بەردەوام لەناو ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیاندا ئاگایان لە هەڵسوکەوت و کێشەی دراوسێکانیان بێت، چرکە بەچرکە ئاگاداری سەرجەم رووداوە خۆش و ناخۆشەکانی ئەو دراوسێیە ببن. هەتا نهێنیە تایبەتییەکانی نێوان هاوسەران لە رێگەی ئەم دیاردەیەوە گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی هەرێمی خێزان و بنەماڵەکان. دەکرێ بڵێین بە پلەی یەکەمی ئەم بەدواداچوونانە زیاتر ئافرەتانی گرتۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو فەزایەی ئافرەت تیایدا دەژی فەزایەکی داخراو بووە. ئەگەر بێت و کۆمەڵگەی کوردستانی بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی وەك و ئەورووپا بەراورد بکەین، دەبینین زیاتر ژیانی ئەوان لەناو شوقەکاندایە، واتە لە رووی نیشتەجێبوونەوە داخراوترن، ئەم داخراویە وای لەتاك کردووە کە زیاتر وابەستەی ژیانی تایبەتی خۆی بێت تا ئەوەی ئاگادار و وابەستەی ژیانی چواردەوری بێت. بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی ئێمە، نیشتەجێبوونی ئەم تاکانە کراوەترە، واتە شێوەی بیناسازییەکانمان وایکردووە ئاگاداری زۆر شتی یەکتری بین و بە حوکمی ئەوەی ئافرەتان بەردەوام لەماڵەوەن، زیاتر خوویان داوەتە ئەم کولتوورە. یەکێکی تر لەهۆکارەکان، کاتە بەتاڵەکانی تاکە، ئەمەش زیاتر هۆگر و وابەستەن بەم دیاردەیە و لەناو گەڕەکە میللییەکاندا دەردەکەوێت. چونکە دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە زۆرترینی کاتەکان لەماڵەوەن و سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بیناسازی خانووەکانیشیان یارمەتیدەری ئەم رەفتارە کۆمەڵایەتییەیە.



تەلار کەمال

سەروەر کەریم، توێژەری کۆمەڵایەتی، ئاماژە بەوەدەدات کە کولتووری چاودێری کردنی دراوسێ خۆ هەڵقورتاندن لە ژیانی تایبەتی و خێزانی یا کۆمەڵایەتی یەکتر مێژوویەکی دێرینی هەیە لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەهۆی تێکەڵاوی زۆری گەڕەکە میللییەکان لەگەڵ یەکتر و لەیەکنزیکبوونیان و هامووشۆی زۆری یەکتریانەوە ئەم کولتوورە لەبەردەوامیدایە. بەڵام بەپێچەوانەوە ژیانی ناو شوقەکان یا ژیانی نێو خانووی گەورە و لە گەڕەکی و مۆدێرن و دەوڵەمەندەوە ئەم کولتوورەی کاڵ کردۆتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو تاکانەی لەناو شوقەکاندا یا لە نێو گەڕەکە دەوڵەمەندەکاندا ژیان بەسەر دەبەن، کەمتر یەکتری دەبینن و پێوەندی کۆمەڵایەتییان کاڵترە، ئەو تاکانە لە رووی



**لە روانگەی سۆسیۆلۆژییەوە بە دیاردەیەکی ناشارستانی وەسف دەکرێت و زۆرجار کێشەی کۆمەڵایەتیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئایا کۆمەڵگە هەوڵی داوە لەگەڵ ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەش کە بەسەری داهاتووە، ئەم دیاردەیە لەناو ببات یان ئەوەی کە تا هەنوکە لەناو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیدا دووبارە دەبێتەوە.**

# ...دن لە ژیانی تایبەتی و ...اردەیەکی نەخوازراوە

ژیانی تایبەتی و هۆشیاری کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن لەوانەی لەناو ماڵە کراوەکاندا ژیان دەگوزەرێنن.

سەروەر کەریم روونیشی کردەوە کە "ئەم چاودێریکردنەی دراوسێ بۆ دراوسێیە کاریگەریی نێگەتیڤی بۆ سەر کۆمەڵگە هەیە، واتە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەوەی کە لەکاتی هەر رووداوێکدا بەگومان بن لەوەی کە دراوسێکانیان دەوریان هەبووە لەو رووداوەدا. هەموو ئەم دابونەریتانە کاریگەری خراپ لەسەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی تاکی کوردی بەجێدەهێڵن. هەروەها کاریگەری خراپ لەسەر هەڵسوکەوت و پەروەردەی منداڵی ناو بنەماڵەکان دروست دەکات.

دڵشاد ساڵح، فەرمانبەرێکی شاری سلێمانییە و دیاردەی چاودێریکردنی دراوسێ لەسەر دراوسێ دەگەڕێنێتەوە بۆ ناهۆشیاری تاک و دەڵێ "ئەم تاکانەی خۆیان لە ژیانی دراوسێکانیان هەڵدەقورتێنن، بەلایانەوە گرنگە کە زیاترین زانیاریی دەربارەی دراوسێکانیان بەدەست بهێنن. چونکە پێیوایە بەزانینی زیاترین نهێنی دراوسێکانی ئاسودەتر دەبێت، واتە پێیخۆشە بزانێ کێ شوو دەکات کێ ژن دێنێ و.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دراوسێکەی خۆش ناوێت و حەز بە دیتنی ناکات، ئەو دیاردەیە وێنەیەکی ناشیرینە بەسەر رووخساری تاکەکانەوە و بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستمان بە پەروەردەیەکی خێزانی تەندروست هەیە.

خەرامان عوسمان، تەمەنی ٢٩ساڵە و کچی ماڵەوەیە و دەربارەی چاودێری کردنی دراوسێ دەڵێ "ئەم دیاردەیە داخی گەورەی خستۆتە سەر دڵی منەوە. لەبەرئەوەی خۆ هەلقورتاندنە لەناو ژیانی تاکەکەسی خەڵکەوە، زۆر جار زانینی ئەم شتە تایبەتییانەی دراوسێکان رووداوی خراپی لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە هەندێك لە قسەوباسەکان لە رێگەی دراوسێی چاودێری کەرەوە گوازراوەتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ناتەبان لەگەڵ ئەم خێزانەدا، ئەم گواستنەوەی قسەوباسانە بووەتە هۆی پەرەسەندنی زیاتری ناتەباییەکان و زیاتر گەورەبوونی هەندێك لەکێشە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت هەندێکجار بووەتە هۆی کوشتنی کەسانی بێتاوان. بۆ نموونە هەندێك لەچیرۆکی کچان هەیە کە بەهۆی چاودێری دراوسێکەیەوە پێوەندیە خۆشەویستییەکەی ئاشکرا بووە و لەناو کۆڵانەکەیاندا بڵاو بووەتەوە، دواتر ماڵەوەیان زانیویانە و هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، خۆم رووداوێکی لەم شێوەیەم بەسەر هاتووە، خۆشەویستەکەم کوڕی برادەرێکی باوکم بوو کە بەهۆی کێشەیەکیان لە شەریکی ئیش و کاریاندا ماوەی ٣ساڵ بوو لەیەك زویر ببوون، بەڵام ئێمە پێوەندی خۆشەویستیمان هەبوو، منیش کچی ماڵەوە بووم و نەمدەتوانی بۆ شوێنە تایبەتیەکان لەگەڵی بڕۆم، زۆر جار لەبەردەرگا قسەمان دەکرد، بەڵام بەهۆی دراوسێیەکی سیخوڕ ئاشکرابووین و بابەتەکە بەگوێی بنەماڵەکەمان گەیشتەوە و بۆ ماوەیەك ژیانم لێ تاڵ بوو، جگە لەوەی پێگە و متمانەشم لەناو خێزانەکەمدا لەدەست دا.



سەروەر کەریم

# خشڵ و زێڕ بەخۆوەک

## لە نێوان چاولێکەری و حەزی ب

**بەشـــێکی بەرچاو لە کچان و ژنان ئارەزووی کڕین و بەخۆوەکردنی خشـــڵ و زێڕ و زیوی جۆراو جۆرن، ئەمەش شتێکی ئاســـاییە کە ئافرەت حەز بە خۆ رازاندنەوە و خۆجوانکردن بکات، چونکە زێڕ و زیویش بەشـــێکە لە ئێکسسواراتی جوانی و تەنانەت بەشێکی کەم لە پیاوانیش حەز بە زێڕ بەخۆوەکردن دەکەن، بەڵام بێگومان بە ڕێژەیەکی کەمتر لەچاو ئافرەتان. دیارە سروشتی ئافرەت وایە هەم ناسکە و هەم سەرچاوەی سۆز و جوانیشە، بەڵام ئایا ئەم ڕەفتارە چاولێکەرییە یان تەنیا هەر ئارەزووێکی جوانکاریانەیە؟**

**بەبڕوای خاتوو(نیـــان زوهێر) ئافرەت زۆر لەمێژە ئاشـــنایە بە زێڕ و زیو و خشـــڵ. ئـــەو زیاتر لەســـەری دەڕواو دەڵێ:** جاران هۆیەکانی جوانکاری شـــتێکی وەها نەبوو بۆ خۆ رازاندنەوە. لەبـــەر ئەوە هۆیەکانی خۆدەرخســـتن هەر زێـــڕ و زیو و مۆری و مەرجـــان و ئەو جـــۆرە بابەتانە بووە، بەڵام ئێســـتاکە دەبینـــی دنیایەك کەرســـتەی جوانکاری هەمەڕەنگ و هەمەچەشن هەیە کە سەرت سووڕ دەمێنێ لەو هەموو جۆرە بابەتانە، بەڵام زێڕ و خشڵیش ڕەواجی خۆی ئەگـــەر لە جاران زیاتر نەبێ، کەمتر نییە. ئەوەش بە رای من چەند هۆییەکی هەیە، لەوانە زۆربوونی پارەو داهات، باشـــبوونی باری دارایی خەڵك و گەرمبوونی بازاڕی کڕیـــن و فرۆشـــتنی زێڕ و زیـــو. خاتوو (جـــوان عەبدولڕەحمان)یش لەو بڕوایە دایە شتێکی ئاساییە ئافرەتان زێڕ و زیو و خشڵ بەخۆیانەوە بکەن، بـــەڵام دەبینی ئافرەتی وا هەیە نێزیکی نیـــو کیلۆ زێڕ بەخۆیەوە دەکات.(جـــوان) درێژە بە خســـتنەڕووی بۆچوونەکەی دەدات و دەڵێ: زۆر ئاساییە هەر ئافرەتێك پارچە زێڕێك بەخۆوە بکات، ئەوجـــا ئەو پارچەیـــە چ ملوانکەیەك بێ یا گوارەیـــەك یان ئەڵقەیـــەك بێ یا هەر پاچـــە زێڕێکی تـــر بێ. بـــەڵام بە رای من ئەوەی کە نائاســـاییە ئەو زێڕە زۆرەیە کە بەشـــێکی زۆری ئافرەتانی ئەمڕۆ لە بۆنەکانـــدا، بەتایبەتی لـــە ئاهەنگەکانی بووك گواســـتنەوەو شـــەکراو خواردنەوەو ئاهەنگەکانی ڕۆژی لە دایکبوون و ڕۆژی دەرچوونی قوتابیانی کۆلیژ و بۆنەی دیکە، چەندین پارچە زێـــری گرانبەها و قورس و گـــەورە و گران بەخۆیانـــەوە دەکەن، کە ڕەنگە بەهەمووی کێشـــەکەی (٥٠-١٠٠) مســـقاڵ بێت. ئەمەش بەڕاستی تەنیا بۆ خۆدەرخســـتن و ناز بەسەر خەڵکەوە کردن و چاولێکەرییە و هیچیتر.

**(سەردار حەمید)ی زێڕنگەر هاوڕایە لەگەڵ قســـەکانی خاتوو جوان و دەڵێت:** ئافرەتی وا دەوڵەمەنـــد هەیـــە هەر جارەی کە دێتە دوکانەکەم بایی دەفتەرێك یا دوو دەفتـــەر دۆلار زێڕ دەکڕێ. ئەوجا ئەوە قایشـــی لیرەیەی تەواوە، نیو لیرەیە، ئەوە گەردنلغە پشـــتێنە، دوانزە تاك بازنی خەلیجییە یا هیندییە. تاد تەنانەت پێڵاوی زێڕیش پەیدابووە. پاچە زێڕی وامان هەیە خۆی لە کیلۆیەك زیاتریش دەدات و ئافرەت هەیە لەیـــەك بۆنەدا بوخـــۆوەی دەکات. ئەمەش ئەوەندەی من تێیگەیشـــتبم تەنیا خۆدەرخســـتن و نازکردن بەسەر خەڵکی و چاولێکەرییە، دەنا کیلۆیەك زێڕی بۆچییە بەخۆی وەبکات، پارچەیەك دووان بەسە.

### ئایا ئەم هەموو زێڕ بەخۆوەکردنە جۆرێک نییە لە لاساییکردنەوەی ژنە عەرەبەکانی کەنداو

**بەقسەی (عیماد ڕەمزی)ی زێڕینگەریش ئـــەو جـــۆرە زێـــڕ بەخۆوەکردنـــە زیاتر لاســـاییکردنەوەیە وەك لـــەوەی بۆ جوانی بێـــت. ئـــەو لەمبارەبەوە دەڵێـــت:** ناوە ناوە



# ـردنی ژنان

## ـــەخۆ نازین دا



دەچمە (دوبەی) زێڕی گرانبەهاو قورس و گران دەهێنم. ئەوجا ئەو زێڕانەش یا زێڕی ئیماراتییە یانیش هیندییە. زێڕی هیندی نەخشـــەکەی زۆر جـــوان و هونەرییانەیە، بۆییە دەســـت هەقیشی زۆر گرانە، لەچاو هەقدەستی زێڕی عێڕاقی یا لوبنانی. زێڕ و نەخشـــی هینـــدی بەناوبانگە، زۆربەی ژنـــان و کچانـــی کەنداو زێـــڕی کەنداو دەکـــڕن. لێرەش ڕەواجێکـــی زۆری هەیە، بەڵام بـــەزۆری ژنە دەوڵەمەدەکان دەیکڕن، چونکە پارەکەی زۆرە و هەقدەستەکەشـــی گرانـــە، کە قیمەتەکەی لەدەفتەرێك دۆلار بەســـەرەوەیە. بە رای من ئافرەتانی ئێرەش بە زۆری لاســـایی ئافرەتە خەلیجییەکان دەکەنـــەوە. ئەوەتا زۆر شـــت هەیە بەناوی ئەوانەوەیە، بۆ نموونـــە عەبای خەلیجی، کە ئەمە کتومت لاساییکرنەوەی ئافرەتانی خەلیجییە، دەنـــا ئافرەتی کورد هەتا جلی کوردەواری هەبووبێ، لەگەڵ جلی مۆدەی ئاســـایی، کەی عەبای خەلیجی زانیوە؟ هەر لەمبارەیەوە **خاتوو (سومەیە جەلال)ی فەرمانبەریش وتی:** ئافرەت هەقی خۆیەتی حەز لە زێـــڕ بکات و پارچەیـــەك دووان بەخۆوە بکات، بـــەڵام ئەگەر زێڕ بەخۆوە کردن بۆ (تەباهی) کردن و نازکردن بەسەر خەڵکیـــی و خۆجیاکردنەوە و خۆ بەگەورە زانیـــن بێ، ئەوە هەر زۆر نا ئاســـاییە، لە مەسەلەی جوان دەردەچێ دەبێتە شتێکی تر. بۆیە لاموایە هەموو شتێك لە ســـنووری ئاسایی خۆی جوانە.




بەرپرسی فایلی کۆمەڵایەتی: کامەران جەلال

بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Mobile: 07504944607 Email: komelayeti@gulan-media.com